## بە نـــاوی خـــوای بەخشـــندەو میهرەبـــان

**بە نـــاوی گەلـــــەوە**
**ئە نجـــومەنی نیشتمانیی کوردســـــتانی عێـــراق**
**ژمارەی دەرهێنـــان : ١٤**
**رۆژی دەرهێنـــان : ١٩٩٩/١١/٢**

## " بـــڕیـــــار "

پشت بەو دەسەلاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لـە دانیـشتنی رۆژی ١٩٩٩/١١/١ دا یاساکاری کردووە، ئەم یاسایەمان دەرهێنا.

## یاسای ژمارە ( ٤ ) ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای بلاوکردنەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا ( وەقـایعی کوردستان )

**ماددەی یەکــەم :**

وەزارەتـی داد دەرچـوواندنی رۆژنامەیـەکی رەسمـی بـۆ هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق لـە ئەستۆدەگرێ بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی و پێی دەگوترێ (وەقایعی کوردستان).

**ماددەی دووەم :**

(وەقایعی کوردستان) تایبەتمەند دەبێ بەبڵاوکردنەوەی ئەمانەی خوارەوە :

١) یاسـا و بڕیارەکـانی ئەنجوومـەنی نیـشتمانیی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق و ئـەوەی بەهاوپێچەکانیان حساب دەکرێن یان ئەوەی تیایدا دەقی گرتووە بۆ بڵاوکردنەوەی.

٢) پێڕەوەکان و ئەوەی بەهاوپێچەکانیان حساب دەکرێن یان ئەوەی تیایـدا دەقـی گرتـووە بـۆ بڵاوکردنەوەی.

٣) (مەرسووم) و فەرمانە دەرچووەکان بەگوێرەی ئەو دەسـەڵاتانەی کـە لـە یاسـای ژمـارە ٢ی ساڵی ١٩٩٢ (یاسای هەڵبژاردنی ڕابەری بزاڤی ئازادیخوازی کورد) هاتووە دەربارەی ڕابەر یا ئەوەی شوێنی ئەو دەگرێتەوە.

٤) ڕێنمایی یەکان.

**ماددەی سـێیەم :**

ئـەوەی لـە (وەقـایعی کوردسـتان) دا بڵاودەکرێتـەوە بـە دەقـی ڕەسمـی بـاوەڕ پێکـراوە دەژمێردرێ و لـە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیـەوە کـاری پـێ دەکـرێ ئەگـەر دەقێکـی تیـا نـەهاتبێ کـە پێچەوانەی ئەوە بێ.

**ماددەی چـوارەم :**

(لەفز)ی نێر مێینـەش دەگرێتـەوە و، تـاك، جـووت و کـۆ و کەسـی مەعنـەویش دەگرێتـەوە لەهەر شوێنێکدا هاتبێت کە لە وەقایعی کوردستان دا بـــڵاودەکرێتەوە، ئەگەر هاتوو دەقێك یـا قەرینەیەك نەبێت لەگەڵ ئەوەدا نەگونجێت.

**ماددەی پێنجـەم :**

وادادەندرێ ئەوەی لە وەقایعی کوردستان بڵاودەبێتەوە هەموو کەس پێیـان زانیـوە، ئیـدیعا کردن بە نەزانین بەوەی کە لە ناوەڕۆکی دا بڵاوکراوەتەوە بەهەند هەڵنا گیرێ.

**ماددەی شەشـەم :**

**یەکەم:** ساڵ و مانگ بەپێ ی هـەردوو تـەقویمی شەمـسی (زاینـی) و کـوردی حـسێب دەکـرێ و بەیەکەوە لەهەر شتێك کەلە وەقایعی کوردستاندا بڵاودەکرێتەوە جێگیر دەکرێن.

**دووەم:** هەر یاساو پەیڕەوێك ژمارەی زنجیرەی خۆی دەبێت و دەخرێتە سەر ساڵی دەرچوونی و ناونیشانەکەیشی لە ناوەڕۆکەکەیەوە وەردەگیرێت.

**ماددەی حەوتەم :**

هیچ لایەنێك ، یان کەسێك بۆی نیە دووبارە ئەوەی لە وەقایعی کوردستاندا بلاّودەبێتەوە چاپی بکاتەوە ، مەگەر بەڕەزامەندیی وەزارەتی داد ، یاخود بەسەرپەرشتی ئەوبێت ٠

**ماددەی هەشتەم :**

مەگەر بەڕەزامەندیی وەزارەتی داد ، یاخود بەسەرپەرشتی ئەوبێت٠

هەڵەی چاپکردنی ئەوانەی بلاّودەکرێنەوە لە وەقایعی کوردستاندا بە بەیاننامەیەك ڕاست دەکرێنەوە کەلەلایەن ئەو لایەوە دەردەچێت و ڕاستکردنەوەش لە وەقایعی کوردستان دا بلاّودەکرێتەوە

**ماددەی نۆیەم :**

دوای دەرچوونی ئەم یاسایە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەردەوام دەبێت لە دەرچوواندنی بلاّوکراوەی ( پەرلەمان ) و دوایی بەپەخشنامەی ڕەسمی زمان حاڵی ئەنجوومەن دادەندرێ

**ماددەی دەیەم :**

وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربهێنێ بۆ ئاسان کاری جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ٠

**ماددەی یازدەم :**

کاربەهیچ دەقێك ، یابڕیارێك ناکرێت ، کەلەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژبێت ٠

**ماددەی دوازدەم :**

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە کە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات ٠

**ماددەی سێزدەم :**

ئەم یاسایە لە ١ | ١ | ٢٠٠٠ جێبەجێ دەکرێت ولە ڕۆژنامەی ڕەسمیشدا بلاّودەکرێتەوە ٠

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**